# وەرە ئێرە... ترێ عومەر

بەریتانیا



وەرە ئێرە
لە پەنجەی من بتوێنەوە
وەرە دەستت لە ناو قژم بکە شاخ
وەرە چاوت لە بالآمدا
بسوتێنەو
وەرە با ئیتر هەردووکمان
ببین بە باخ...
وەرە شەرم
بکەین بە بەفری بنارو
لەبەر تیشکی هەتاوێکدا
بیکەین بەئاو
وەرە تاکو ماندوو دەبین
تۆ گوڵی سوورم بۆ بێنەو
منیش گولاو
وەرە تاکو
پێمان دەکرێ
با یاخی بین
لە کلتورو لە چیرۆکا
ناوی هەردوکمان بنووسین
لەیەکەمین لاپەڕەکانی
کتێبی عەشق و دیرۆکا
وەرە ئیتر وەرە ئێرە
من چرام وپەپوولەم بە
هە موو چراکانی دونیا
پەپوولەکان بسووتێنن
دڵنیا بە ئاگری من
هەرگیز گڕت بۆ ناهێنن
گەر بە عەشقیشم بسووتێی
هەگیز دڵت ناسوتێنن...

Tre-omer@hotmail. com